# تورکیا هێشتا لە نێوان ئەگەر و نەگەردا!

سیروان کاروانی

ساڵانێکی زۆرە تورکیا هەموو هێز و توانای خۆی و دۆستەکانی بەکاردێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی بخزێنێتە ناو خێزانی یەکێتیی ئەوروپاوە. تورکیا بۆ ئەم مەبەستە هەمیشە هەوڵی داوە ئەو مەرجانەی لە لایەن یەکێتیی ئەوروپاوە بەسەریدا سەپێنراوە، وا پێشان بدا کە گۆڕانکاریی لە دەستووری بنەڕەتیی وڵاتەکەی و گۆڕانی لە سیستەمەکەیدا کردووە و بۆ ئەم مەبەستەش ئازادیی بیروڕا و بۆچوون لە چوارچێوەی وڵاتەکەیدا هەیە و مافی کەمە نەتەوایەتییەکانیشی مسۆگەر کردووە و بە شێوەیەکی گشتی مافی مرۆڤ لە تورکیادا پارێزراوە. وڵاتە ئەندامەکانی ناو یەکێتیی ئەوروپا باش دەزانن ئەو گۆڕانکارییانە لە تورکیادا نایەتە دی و ئەو مەرجانەی یەکێتیی ئەوروپا لەبەردەم تورکیایان داناوە، کارلەسەرکردنیان مەحاڵە. ئەمە بۆ ئەوروپییەک بەسە کە ئەگەر سەفەرێک لە باکووری کوردستانەوە بۆ خوارووی کوردستان بکات و بەو سنوورە دەستکردەدا تێپەڕێ، لەوێدا ئەو سووکایەتییەی کە سەربازانی تورک بە مرۆڤی دەکەن بەوەی لە گەرمەی هاویندا بە چەندین کاتژمێر خەڵکێکی زۆر ڕادەگرن و کەسێک ناوێرێ بەو سەربازانە بڵێ بۆ.

ئێستا پاش ئەو هەموو ساڵ و چاوەڕوانییەی تورکیا بۆ بوونە ئەندام لەو یەکێتییەدا، لە لایەک وا بڕیارە لەلایەن پەرلەمانی ئەورووپاوە کە دانووساندن لەگەڵ تورکیادا بکرێ و لە هەمان کاتیشدا خستنەپێشی کۆمەڵێک مەرجی نوێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەرهەڵستییەکی زۆر لە ناوخۆی وڵاتانی ئەندامانی یەکێتیی ئەورووپاوە بەدی دەکرێ.

زۆر کێشە ماوە کە دەبێ تورکیا چارەسەرییان بۆ بدۆزێتەوە و لە سەرووی هەموویانەوە مافی ڕەوای گەلی کورد و دیموکراتی. سەغڵەتیی فەرەنسا لە کەمبوونەوەی دەوری لەناو یەکێتیی ئەورووپادا کە ئەمانەش هۆکاری دژبەری ئەندامێتیی تورکیان. لە دانمارک، پارتە سەرمایەدارەکان بەتەواوی دژی بوون بە ئەندامی تورکیان لە یەکێتیی ئەورووپادا.

دۆستەکانی تورکیا لەناو سپانیا، بەریتانیای گەورە و سۆسیالدیموکراتەکانی سویدا هەن و بەم دواییانەش ئیتاڵیا بەهۆی فیشاری ئەمریکاوە پشتیوانیی خۆی پێشان دا. ئەمانە پێیان وایە کە تورکیا وڵاتێکی بەهێزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و دەتوانێ دەورێکی باش لەناو یەکێتیی ئەورووپادا ببینێ و، کۆمەڵگەی داهاتووی تورکیا دەبێتە ئەو کۆمەڵگەیەی کە یەکێتیی ئەوروپا پێویستیی پێیە، یاخود ئارزاوویە.

ئەوانەی نارەزان و دەوری بەرگر لەم ئەندامێتییەدا دەبینن پێیان وایە کە تورکیا وڵاتێکی گەورە و هەژارە و، ئەندامێتیی لەناو یەکێتیی ئەورووپادا دەبێتە هۆی گۆڕانی تێکڕای پێکهاتەی یەکێتیی ئەوروپا و خەرجێکی ئێجگار زۆری دەوێ. لە لایەکی ترەوە، ئەوەش دەورێکی زۆر گرنگ دەبینێ کە نەوەدونۆ لەسەدای خەڵکی تورکیا موسووڵمانن.

بەرهەڵستکاران پێیان وایە کە هەرچەندە تورکیا لەسەر کاغەز دەربارەی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا گۆڕانکاریی لە دەستووردا کردووە، بەڵام تا ئێستا لەو وڵاتەدا پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و لێدان و ئەشکەنجەی مرۆڤ و فەسادی بەردەوامن.
لایەنێکی ڕوونی تر کە بەرهەڵستکاران بەدەری دەخەن، ئەوەیە کە ئەوان پێیان وایە تورکیا بەو قەوارەیەی ئێستاوەی دەبێتە یەکێک لە بەهێزترین و دەوڵەمەندترین وڵات لەناو ئەو یەکێتییەدا. ئەو وڵاتە دەبێتە خاوەنی چەندین دەنگ لەناو ئەنجوومەنی یەکێتیی ئەوروپادا و هەروەها چەندین ئەندام لە پەرلەمانەکەیدا و ئەمەش گومان دروست دەکات.

2004.12.15